# دەرمانێك بۆ پیاو باشە، بەلاَم بۆ ژن خراپە !

ئەوەی راستی بێت ئەنجامی چەند توێژینەوەیەکی نویَ کە لە دوا ژمارەی گۆڤاری پزیشکی Science دا بلاَکراوەتەوە ئاماژە بەو راستیە دەکات کە :

ئەو دەرمانانەی کە پیاو بەکاری دەهێنێت دژی جەلَتەی دلَ هیچ کاریگەرییەکی نییە بۆ سەر ئافرەت و ئەو ژنانەی ئەو دەرمانانەیان (ئەسپرین) بە مەبەستی خۆپاراستن دژی جەلَتەی دلَ و مێشك خواردووە هیچ سوودێکیان لێوەرنەگرتووە بگرە مەترسی تووشبونیان بە جەلَتەی مێشك زێدی کردووە ، لەبەر ئەوەی توێژینەوەکانی پێش بەکارهێنانی دەرمانەکان تەنیا لە سەر پیاو کراوە و ئەو کاریگەرەی کە تۆمارکراوە لە سەر پیاوبووە نەك لە سەر ژن .

توێژیاران ئاماژەی پێدەکەن کە ئەنتیبایۆتیکەکان کاردەکەنە سەر ریتمی دلَی ژن لەبەرئەوەی نێوان لێدانەکانی دلَی ئافرەت پێویستی بە ماوەیەکی درێژترە تا ماسولکەکانی دلَی خۆیان گرژبکەنەوە وەك لە پیاودا .

هەندێك ئازار شکێن بە تایبەتی ئەوانەی پێکهاتەی ئەسپرینییان تێدایە کاردەکەنە سەر دلَ و و بە تایبەتی مەترسی تووشبون بە جەلَتەی دلَ و مێشك زێددەکات .

کاتێك ژنێك ژمارەیەك حەب دەخوات رێژەی خەستی دەرمانەکە لە نێو خوێندا جیاوازە وەك لە هی پیاو . ئەنجامی توێژینەوەکە نائارامییەکی زۆری لە نێوان ژناندا دروستکردوە بە تایبەتی ئەوانەی چەندین سالَ ئازارشکێنیان خواردوە بۆ خۆپاراستن لە جەلَتەی دلَ و مێشك ، ئەمرۆ بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو دەرمانانەی کە ئەوان خواردوویانە نەك هەر سوودی نەبووە بگرە زیانیشیان لێوەرگرتووە .

ئەو دەرمانانەی کە پێکهاتووی ئەسپرینی تێدایە : (#)

-Albyl minor
-Alka-seltzer
-Asacard
-Aspirin brustablett
-Aspirin
-Aspirin Cardo
-Bamyl-S
-Bamyl-S-koffein
-Bamyl-koffein
-Magnecyl-koffein
-Magnecyl
-Magnecyl-koffein
-Magnecyl-koffein brus
-Treo
-Treo citrus
-Treo comp

ئەو دەرمانانەی مەترسیدارن (ئازارشکێنەکان) (#)

-Aclarix=
-Acroxia=Etoricoxib
-Bextra=Valdecoxib
-Celebra=Celoxib
-Celora=
-Solena=
-Valdyn=

سەرنج:

(#) مەبەست لەو ئازارشکێنانەیە کە لە سوێد دەفرۆشرێت .

سەرچاوە:


1.www.aftonbladet.se © 050613 09:15
2. www.aftonbladet.se © 050615 10:45